# تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت به خانمان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

**بەشێکی زۆر لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان یەك یان چەند لاپەڕەیەك تایبەت دەکەن بۆ پرسی ئافرەتان، کە لە لاپەڕەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، بەڵام رایەك هەیە ئەوە بە کارێکی نەرێنی لەنەریتی رۆژنامەگەری دەزانێت، خاوەنەکانی ئەو بۆچوونە خوازیارن هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەك تایبەت بە ڕەگەزێك نەبێت و ڕاگەیاندنەکان بە دەنگ و ڕەنگ و چاپەمەنییەکانەوە ڕەنگدانەوەی هەر دوو ڕەگەز بن، بۆ ئەوەی لە ئاریشەکانی یەکتر تێبگەن. ڕای پێچەوانەش هەیەو ئەو تایبەتمەندکردنە بە کارێکی ئاسایی دەزانن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بوونی لاپەڕەیەکی تایبەت بەئافرەتان، یان رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە ئافرەت یەکێکە لەو نەریتە رۆژنامەوانییەی کەلە زۆربەی وڵاتاندا هەیە، بەڵام هەندێك لە چالاکانی بواری جێندەر و یەکسانیخوازان ئەوە بە جیاکاری دەزانن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە کاری لەو جۆرە بۆ هۆشیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری پیاو بەرامبەر بە مافەکانی ئافرەت کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە.

### کەلتوور و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆکاری جیاکارییەکانن

سەنار محەممەد وەك کۆمەڵناسێك هێما بۆ ئەوە دەکات کە کەلتوور و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەوەی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا ئەو جیاکارییە بکرێت. سەنار دەڵێت «جیاکاری ڕەگەزی لەکۆمەڵگەدا بۆتە دیاردەیەکی زەق و هەموو جۆمگەکانی گرتۆتەوەو ڕاگەیاندنیش لەو جیاکارییە بێبەش نییە، ئەمە درێژکراوەی ئەو کەلتوور و پەروەردە سەقەتەی خێزانەکانی کوردستانە کە هەر لە منداڵییەوە نەوەکان بە شێوەی جیاکاری ڕەگەزی پەروەردە دەکەن و دیوارێکی پۆڵایین لە نێوان نێر و مێیەکان دروست دەکەن. ئەو کۆمەڵناسە گوتیشی «من پێشتریش گوتوومە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم ژنان رۆژنامە یا گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵکو دەبێت ئافرەت هەمیشە شان بە شانی پیاوان لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگە لە مەیدانی خەبات بن».

بەپێچەوانەوەی سەنار، بەشێك لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران پێیانوایە بوونی لاپەڕەیەکی تایبەت بە ئافرەتان شتێکی ئاساییە. ئەوەتا رۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکار شیفا گەردی، دەڵێت «بوونی لاپەڕەی تایبەت بەئافرەت نابێتە هۆی جیاکردنەوەی رەگەزی، چونکە کۆمەڵێك پرسی تایبەت بە ژن هەیە، یان کۆمەڵێك بوار هەیە کە ڕەنگە تەنها ژن بیانخوێنێتەوە، وەکو بواری جوانکاری، ناوماڵ، مۆدەی جلوبەرگ، خواردن و کۆمەڵێك بواری دیکە».

### لە زۆر وڵاتی دنیا گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە ئافرەت هەیە

شیفا جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لە زۆر وڵاتی دیکە گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بەو پرسانە هەن، کە بۆ ئافرەتان دەردەچن و رەواجێکی زۆریشیان هەیە، بەڵام لەناو ڕۆژنامەیەك کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی و هونەرییە، یان تێکەڵاوە، لاپەڕەیەکی تایبەت بە ژن تەرخان دەکەن، ڕەنگە نەتوانن لەلاپەڕەیەکدا بە گوێرەی پێویست مافی ئەو پرسە بدەن، بەلام لایەنە باشەکانی ئەو جۆرە گۆڤارو رۆژنامانە ئەوەیە کە رەنگە پیاوەکانیش چاو لەو لاپەڕانە بکەن و ئاگاداری رەوشی ژنان بن».

رۆژنامەنووسی شاری دهۆك هەلز عەلی سەلیم، بەپێچەوانەی شیفا بیر دەکاتەوەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئافرەت وپیاو هەردووکیان مرۆڤن و وەك یەك دەتوانن برەو بەتواناکانیان بدەن، لەبەر ئەوە بەڕای من بوونی لاپەڕەیەکی تایبەت بەئافرەتان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان زۆر پێویست نییە، چونکە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی لە رۆژنامە و گۆڤاکاندا هەیە و باسی کێشەکانی هەردوو ڕەگەز دەکات و ئەوەش زیاتر دەتوانێت خزمەت بەدۆزی ئافرەت بکات، بەڵام پێویستە ئافرەت و پیاو بیخوێننەوە و پێکەوە سوودی لێوەر بگرن».

چالاکوانێکی کورد لە ئەمریکا:

**گەر وەک ئەتەکێت لاپەڕەیەکی رۆژنامەو گۆڤارێک بۆ ژن تەرخان بکەن، ماناى وایە لاپەڕەکانی دی هەمووی بۆ پیاوانە**

کۆمەڵناسێك:

**جیاکاری ڕەگەزی بۆتە دیاردەیەکی زەق و هەموو جۆمگەکان، کۆمەڵگەی بە ڕاگەیاندنیشەوە گرتۆتەوە**



### پێویستە بە عەقڵێکی یەکسانیخوازەوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەگەری بکەین

میدیا شێخ جەمال چالاکوانی بواری مافی ئافرەتان لە ئەمریکا، هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەر دوو ڕەگەز دەبێت شانبەشانی یەکتر لە هەموو بوارەکانی ژیان چالاك بن و سەبارت بە جیاکاری و تایبەتمەندکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بۆ ڕەگەزێك، بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت. «ڕۆژنامەی ژنان، ئەدەبی ژنان، لاپەڕەی ژنان، جۆرێکی دیکەن لە جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا. یەکسانی بە تێکەڵکردن و ئاوێتەبوون و کارلێکردنی هەردوو رەگەز دێتەدیٚ و بیٚ ئەوە هەر بانگەوازێك بۆ یەکسانی تەنیا بانگەشەیەکە و هیچی لێناکەوێتەوە. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە لە هەر کویٚ دەستمان گەیشتبیٚ کار بۆ مەسەلەی یەکسانی بکەین، نەك ئەوەی وەك بەشێك لە ئەتەکێت لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك تەرخان بکەین بۆ ژنان، ئەمە مانای ئەوە بەدەستەوە ئەدات کە لاپەڕەکانی تر هەمووی بۆ پیاوانە. ئێمە پێویستە بە عەقڵێکی یەکسانیخوازییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەگەری بکەین، بۆ نموونە نەهێڵین دیدی باوکسالاری بەسەر ڕۆژنامەوانی ئێمەدا زاڵ بێت، بە مانایەکی تر پێویستە دیدی یەکسانی بکەینە پێوەر نەك شتی تر، بە من چی لاپەڕەیەك لە ڕۆژنامەیەك هەبێت بۆ ژنان، بەڵام پیاوێکی بەڕێوەبەری هەمان ڕۆژنامە ئیستغلالی جەستەیی و سێکسی کارمەندە ژنەکەی بکات. ئێمە پێویستمان بە دیدێکی نویٚ هەیە کە دژی باوك سالاری بیٚ.

### کۆمەڵگە پێویستی بەوە هەیە کەتاکی ڕۆشنبیر دروست بکات

چرۆ کەمال وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، ڕایوایە «کێشەکە لەوەدا نییە کە لاپەڕەی تایبەت بە ئافرەت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان هەبێت، یان نەبێت، بەڵکو ئەوە گرنگە کە چاپەمەنییەکان بخوێندرێنەو و ناوەرۆکیان باش و دەوڵەمەند و باش بێت و خزمەت بە هەردوو ڕەگەز بکات، بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سوودی لیٚ وەربگرن»، گوتیشی «کۆمەڵگە پێویستی بەوە هەیە کە تاکی ڕۆشنبیر دروست بکات، تاکێك کە بڕوای بە جیاکاری نەبێت و وەك مرۆڤ لە هەردوو ڕەگەز بڕوانێت». چرۆ پێیوایە نەریتی کۆمەڵایەتی وایکردووە، خودی ئافرەتانیش نەتوانن کار بۆ نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی بکەن.

### ئافرەتان خۆیان سنووریان بۆ خۆیان داناوە

چرۆ جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «بوونی گۆڤار، یان ڕۆژنامە و لاپەڕەی تایبەت بە ئافرەت پێویست نییە، چونکە جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەز لە هەر جۆرە ڕاگەیاندنێك سوود بۆ دۆزی ئافرەتان نابێت»، گوتیشی «ئافرەتان توانیویانە وەك چینێکی گرینگ ڕۆڵێکی بەرچاو لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بگێڕن، بۆیە نابێت ڕێگە بە هیچ جیا کارییەك بدەن، بەداخەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسەکانی ئافرەت زیاتر خۆیان لەدوو لاپەڕەدا کۆکردۆتەوە، ئەویش لاپەرەی کۆمەڵایەتی، یان لاپەڕەی ئافرەتان و هونەرییە، کەمترین ئافرەت دەبینین کار لە لاپەڕەکانی سیاسیدا بکەن، ئەمەش ئاوێنەیەکی زۆر ڕوونە بۆ هەموومان کە ئافرەتان خۆیان سنووریان بۆ خۆیان داناوە».

ڕۆژنامەنووسێك:

**لاپەڕەی تایبەت بەئافرەت جیاکاری ڕەگەزی نییە، چونکە کۆمەڵێک بوار هەیە وەک خۆراک و جوانکاری و مۆدەی جلوبەرگ کە تایبەتن بە ئافرەت**

توێژەرێك:

**کەمترین ئافرەت دەبینین کار لە لاپەڕەکانی سیاسیدا بکات، ئەمەش ئاوینەیەکی زۆر ڕوونە کە دەریدەخات ئافرەتان خۆیان سنووریان بۆ خۆیان داناوە**

# هەژاری هەڕەشە لەخێزانێک دەکات

**گەرچی هەرێمی کوردستان هەتا پێش گیرۆدەبوونی بە شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعش، لە رووی ئابوورییەوە لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا بوو، لە نەهێشتنی هەژاری و بێکاریش هەنگاوی بەرچاوی هەڵگرتبوو، بەڵام لە ماوەی یەك ساڵی رابردوو، بە هۆی بڕینی مووچە و بودجە لە لایەن حکومەتی ناوەند و تێچووەکانی جەنگی دژی تیرۆریستانی داعش و راماڵینیان لە سەر خاکی کوردستان و هاتنی بە لێشاوی پەنابەرانی ئاوارە، قەیرانێکی ئابووری بەرۆکی حکومەتی کوردستانی گرتووە. تا هەنووکە زۆربەی پڕۆژەکانی حکوومی و کەرتی تایبەتیش وەستێندران، ئەوەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و تەنانەت چەند خێزانێکی هەژاریشی تووشی کارەسات کردووە. لە ئێستاشدا خێزانێکی کورد لە بەر هەژاری خۆزگە بە مەرگ دەخوازن.**

کراسێکی شینی تۆخی لەبەر کردووە و بە سەرپۆشێکی رەش پرچی داپۆشیوە. تەمەنی هێشتا سێ دەیەی پڕ نەکردۆتەوە، بەڵام روخساری لە ئافرەتێکی سەرووی ٤٠ ساڵان دەچێ. سێ کوڕی مێرمنداڵ و کچێکی ساوای لێ خڕ بوونەتەوە. ئەوە دیمەنی ناوماڵ و ژوورێکی خانووەکەی سروە بوو. ئەو خانووەی خۆی و منداڵەکانی بە کرێ تێیدا دەژین و هیچ ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەیەکیشی تیا نییە.

سروە لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە باوکی منداڵەکانی نەیتوانیوە بەخێویان بکات و خێزانەکەی بەجێ هێشتووە. کاتێك باسی برسێتی منداڵەکانی دەکات، قورگی دەلەرزێت، فرمێسك نێو گلێنەکانی چاوی دادەپۆشێ، هاوکات بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت: «بە خوا ئەوەی دراوسێکان نەیهێنن، چی زیاترمان نییە بیخۆین. جگە لە مانگی رەمەزان، زۆر جار لە مانگەکانی دیکەش بۆ ئەوەی منداڵەکانم رازی بکەم، وتوومە رەمەزانە و هەموومان بەڕۆژوو دەبین.»

سروە پەنجە بۆ کوڕە مێرمنداڵەکەی درێژ دەکات و هۆکاری دابڕانی کوڕەکەی لە خوێندن بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«ئەوەتا داعش هاتووەتە سنووری کوردستان، کەسابەت کەم بووە. باوکی منداڵەکان لە کۆمپانیا کاری دەکرد، دواتر کۆمپانیاکە داخرا. چەند مانگ کاری دەست نەکەوت، لە ترسی خاوەن ماڵ و خەرجی منداڵان خۆی بێسەروشوێن کردووە. بۆ یەك هۆدە و مەتبەخێك دەبێت ٣٠٠ هەزار دینار کرێی خانوو بدەین. چەند مانگ کرێی خانوومان پێنەدرا، بۆیە ناچار بووم کوڕەکەم لە مەکتەب دەربێنم، ئەوە ماوەیەکە لە سەر شەقام و ترافیك لایتەکان بنێشت دەفرۆشێت، رۆژانە پێنج تا دە هەزارێك (دینار) پەیدا دەکات، ئەویش بەشی هیچ ناکات، چونکە ئەوەندەی دیکەشی دەوێ تاوەکو بیدەین بە خاوەن خانوو.»

سروە چاوەکانی لە بەر گریان هەڵاوساون. نازانێ پەنا بۆ کێ بەرێت، وەك خۆی باسیکرد، خەڵکی خێرخواز جار بە جارێك جلو و بەرگ و خورادەمەنییان بۆ دەهێنن، بەڵام ئەوە هەمیشەیی نییە و زۆر جار منداڵەکانی بێ خواردنی شەوان دەخەون.

سەحەر ـی چاوگەش بچووکترین منداڵی سروە-یە و هێشتا مانگێکی ماوە بۆ ئەوەی تەمەنی ساڵێك پڕ بکاتەوە. سروە نایشارێتەوە کە باوکی منداڵەکانی لەو ماوەیەدا دوو جار سەردانی کچە تاقانەکەی کردووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ماوەی زیاتر لە حەوت مانگە پیاوەکەم تەنیا دوو جار هاتۆتە ماڵەوە، ئەویش تەنیا خەمی سەحەر-یەتی، ئەو کچەی زۆر خۆش دەوێت، دوو جار شیری بۆ هێناوە، بەڵام کرێی خانووی یەك مانگیشی پێنەداوە.»


ئەو ئافرەتە بە چاوێکی پڕ فرمێسك و هەناوێکی خەمبارەوە داوا لە دەزگای خێرخوازی بارزانی و خەڵکی خێرومەند دەکات بۆ ئەوەی ئاوڕێکی لێ بدەنەوە و باوکی منداڵەکانی بەو خێزانە شاد ببێتەوە. هاوکات لەگەڵ قسەکانیدا پەیتا پەیتا فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە و ئەوەش دەخاتەڕوو کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی سەردانیان کردووە و بەڵێنیان داوە هاوکاری بۆ کۆ بکەنەوە. بەڵام تا ئەو کاتە هیچ یارمەتییەك نەدراون.

ئەو ئافرەتە بێدەرەتانە وەك دواقسەی لە ناو هەنیسکی گریاندا وتی: «بە خوا چەند جار هەوڵم داوە خۆم بسووتێنم، هەر لە بەر منداڵەکان پەشیمان دەبوومەوە، ئاخر جار نەوتم بە خۆم و هەر چوار منداڵەکەمدا کرد، ویستم هەموومان پێکەوە بمرین، ئەو ئافرەتەی دراوسێمان بە سەردا هات و رێگری لێ کردین، وتی خۆت تووشی گوناە و تاوان مەکە، خوا گەورەیە دەرگایەکتان لێدەکاتەوە.»

ئەوە بارودۆخی ژیانی خێزانێکی هەژاری کوردە کە لە پەیتەختی کوردستاندا چاوی لە حکومەت و خەڵك و دەزگا خێرخوازییەکانە بۆ ئەوەی بە هانایەوە بچن و لەو ژیانە مەرگەساتە رزگاریان بکەن. لەوانەیە دەیان خانەوادەی دیکە لەو کۆڵەمەرگییەدا بژین، بۆیە لێرەدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین: ئاخۆ ئەو خێزانانە فەریادڕەسێکیان دەبێت؟

**چەند جار هەوڵم داوە خۆم بسووتێنم، هەر لە بەر منداڵەکان پەشیمان دەبوومەوە، ئاخر جارێک نەوتم بە خۆم و هەر چوار منداڵەکەمدا کرد، ویستم هەمووومان پێکەوە بمرین، ئەو ئافرەتەی دراوسێمان بە سەردا هات و رێگری لێ کردین، وتی خۆت تووشی گوناه و تاوان مەکە، خوا گەورەیە، دەرگایەکتان لێدەکاتەوە**

**ئەوەتا داعش هاتووەتە سنووری کوردستان، کەسابەت کەم بووە. باوکی منداڵەکان لە ترسی خاوەن ماڵ و خەرجی منداڵان خۆی بێسەروشوێن کردووە**





# جیاوازی ڕەگەزیی پرسە و ڕێوڕەسمە ماتەمێنییەکانیش دەگرێتەوە

## ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەکوژن باوانیان شەرم لە پرسەگێڕانیان دەکەن

**گەرچی لە ئاستی دنیادا بزووتنەوەیەکی بەرچاو بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی بەدی دەکرێ، بەڵام لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم و وڵاتانی داخراوی نەریتیدا ئەو بزاڤە کۆسپ و تەگەرەی زۆری لەبەردەمدایە و خانمان بۆ مسۆگەرکردنی یەکسانی خۆیان لەگەڵ پیاوان خەباتێکی دژواریان لە پێشە، کوردستانیش یەکێکە لەو کۆمەڵگە نەریتییانە کە تەنانەت لە پرسەگێڕانی خانمان و پیاواندا جیاکاری دەکرێ. چالاکوانانی مەدەنیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئافرەت هەمیشە ڕۆڵێکی پاسیڤی وەرگرتووەو وەك بەرکار تەماشا کراوە، بۆیە لەکاتی مردنیشیدا بەتایبەتی گەر خۆی کوشتبێت، بە دەیان تانە و تۆمەتی دەخەنەپاڵ و تاوانباری دەکەن.**

**« کچەکەم منداڵ و نەفام بوو، لەبەر نمرە خۆی کوشت کەچی خەڵک لەخواناترسن و لەم تازیەدا وەک خەتابارێک لێمان دەڕوانن بۆیە لەدانانی پرسەکە پەشیمانین»**



**ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەکوژن باوانیان شەرم لە پرسەگێڕانیان دەکەن**

(س.ق) کچە قوتابییەکی پۆلی دوازدەی ئامادەیی بوو، تەنیا ١٨ بەهاری لە تەمەنی بینیبوو، کە بەهۆی دەرنەچوونیەوە لەخوێندن ئاگری لەجەستەی خۆی بەردەدا و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا. (ب.ع) دایکی (س.ق) لە ڕێوڕەسمی ماتەمێنی کچەکەیدا بەردەوام جەرگە جوانەمەرگەکەی خۆی دەلاواندەوە، هەنیسکی گریان هەناسەی سوار دەکرد و خزمێکی نزیکی بە زۆر و تکا قومە ئاوێکی لەسەر زاری دەکرد، کاتێك هەندێك ئەهوەنیان کردەوە، ئامادە بوو لە ژوورێکیماڵەکەی خۆیاندا بەسەرهاتی کچەکەی بۆ گوڵان بخاتەڕوو، ئەمەش دەقی قسەکانیەتی «خوای گەورە ئەزانێ کچەکەم هیچ تاوانێکی نەبوو، زۆر پاك و بێ عەیب بوو، تەنیا حەزی لەخوێندن بوو، بەڵام نمرەکانی خراپ بوون، باوکی هەڕەشەی ئەوەی لێکرد، ئەگەر ئەمساڵ دەرنەچێت ئەوا لەقوتابخانە دەریدەهێنێت، کاتێکیش (س) ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی وەرگرتەوە، کە زانی لەسێ وانە کەوتووە لەقوتابخانە دەبوورێتەوە، دوای هاتنەوەی بۆماڵ زۆر بێتاقەت بوو، ماچم کرد و دڵم دایەوە، گوتم: کچم من قسە لەگەڵ باوکت دەکەم، بەڵام ئەو زۆر تێکچووبوو، یەك دوو کاتژمێر دوای ئەوە لەپڕ گوێم لەهاوار و زریکەی (س) بوو، بینیم لەژێر دەرگای گەرماوەکە دووکەڵ دێتە دەرەوە، زۆر هەوڵمدا دەرگاکە بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی، دراوسێکان هاتن و دەرگاکەیان شکاند، بەڵام کار لە کار ترازابوو، کچەکەم ببووە خۆڵەمێش».

ئەو دایکە جەرگ سووتاوە بەدەنگێکی نووساو و بەدەم قوڵپی گریانەوە زیاتر گوتی: «کچەکەم منداڵ و نەفام بوو، لەبەر نمرە خۆی کوشت کەچی خەڵك لەخواناترسن و لەم تازیەیەدا وەك خەتابارێك لێمان دەڕوانن، تەنانەت خزمەکان ڕووبەڕوو پێمدەڵێن: بزانە کچەکەت چ کێشەیەکی هەبووەو نەیویستووە ئاشکرابێت، بۆیە خۆی سووتاندووە، لەبەر قسەوقسەڵۆکی خەڵکی حەز دەکەم زوو تازیەکە تەواو بێت، باوکیشی زۆر بێزاربووەو دەڵێ: خۆزگە پرسەمان بۆی دانەنابایە، چونکە لەناو خەڵکی هەست بە شەرمەزاری دەکەم».

چەند هەفتەیەك پێش ئێستا (ە. ف) ئافرەتێکی تەمەن ٢٦ ساڵ کە دایکی دوو منداڵ بوو، لەگەڕەکی بەهاری نوێی شاری هەولێر، لەمانگی ڕەمەزان بە زمانی بەڕۆژووە بە لەچکەکەی خۆی خنکاندو کۆتایی بەژیانی هێنا.

(خ.س) دایکی ئەو ئافرەتە لەدووەم ڕۆژی پرسەکەدا بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی کچەکەی بۆ میوانەکان کرد: «چەند ڕۆژێك پێش جەژنی نەورۆز زاواکەمان دوای ئەوەی لای مەلا سێ بە سێ تەڵاقی داو منداڵەکانی لێسەندەوە، ڕەوانەی ماڵی ئێمەی کردەوە، کچەکەم لەتاو منداڵەکانی وەکو شێتی لێ هاتبوو، دەیان جار لەباوکی پاڕایەوە تاوەکو منداڵەکانی بۆ بهێنن، بەڵام باوکی دەیگوت: مادام ئەو پیاوە تۆی ناوێ، نابێ تۆش منداڵەکانی ئەو پیاوە بەخێو بکەی، کچەکەی کە تەمەنی هەشت مانگ بوو، مەمەیەکی لای ئەو دایکە بەجێ مابوو، شەوانە تاوەکو ئەو مەمەیەی نەخستبایە سەرسینگی خەوی لێنەدەکەوت، ماوەیەك پێش ئێستاش جارێکی

تــر هەوڵی خۆخنکاندنی دا، بەڵام زوو پێمان زانی، کەچی ئەمجارە دەرفەتی هێنا و نەمانتوانی فریای بکەوین، ئێســتاش چرپەچرپی خەڵکی هێندەی دیکەی بێزارم دەکات، یەکێك دەڵێ لەسەر تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری تەڵاقدراوبوو، بۆیە خۆی کوشــت، ویتەویت و قسەو قسەڵۆك ئێمەشی بە کچەکەمانەوە کوشتووە».

ســیروان ساڵح شوفێری تاکسییە و دراوسێی ماڵی ئەو ئافرەتەیە، ئەو دەڵێــت «(ە) ئافرەتێکی زۆر بەڕەوشــت بوو، بــەڵام دایك و باوکــی زۆر نەزان و فەقیرحاڵن، کە کچەکەیان تەڵاقدرا لەو پیاوەیان نەپرســییەوە بۆچی تەڵاقی داوە، تەنانەت شــکایەتێکیان لەو پیاوە نەکرد، لەکاتێکدا تاوەکو ئافرەتەکەش مرد، لەدادگا تەڵاق نەدرابوو، خێزانەکەی لەدانانی پرسەکەشی ساردبوون».

هەر ســەبارەت بەم رووداوە بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بە رایگەیاند «ئەو ئافرەتە چەند جارێك لەلایەن کەسێکی نەناسراوە تەلەفۆنی بۆ کراوەو بێزارکراوە، پاش ئەوەی مێردەکەی بەم حاڵەتەی زانیوە گومانی لێکردووەو کێشــە لەنێوانیاندا دروستبووە. مێردی ژنەکە، هاوسەرەکەی دەباتەوە بۆ ماڵی باوکی و تۆمەتباری دەکات بەوەی کە خیانەتی لێکردووەو تەڵاقی دەدات و منداڵەکانیشی لێ دەسەنێتەوە، بەو هۆیەشەوە ئەو ژنە خۆی دەخنکێنێت».

## خوکوشتنی کوڕێك تاوانی دیکەی لێدەکەوێتەوە

گەرچی پرسەی ئافرەتان زۆر بە ساردوسڕی بەڕێوەدەچێت، بەڵام پرســەی کوڕو پیاوان و تەنانەت ئەوانەشی کە پەنایان بۆ خۆکوشتن بــردووەو گیانیان لەدەســت داوە، پێشــوازییەکی زۆر و بەرفراوانی لێدەکرێ.

لەناحیەی دیانا (گ.س) بەهۆی شــووکردنی خۆشەویستەکەی بە کلاشــینکۆف خۆی دەکوژێت و کەسوکارەکەشی تاوەکو تۆڵەی نەکەنەوە پرسەی بۆ دانانێن. بۆیە بەپەلە کچەکە دەکوژن و دوای ئەوە پرســەی (گ) بەڕێوەدەبەن، کە جیاواز لەپرسەکانی ئەو خانمانەی خۆیان کوشتووە، زۆر گەرم و گوڕ و قەرەباڵغ دەبێت.

(ئامینە.م) کچە پووری ئەو کوڕەی خۆی کوشتووە، بەپەیامنێری گوڵانی راگەیاند «(گ) ماوەی ســاڵێك بوو کچێکی ناوچەکەی خۆشدەویست، بەڵام ئەوکچە بەبێ ئاگاداری ئەو شوو بە هاوڕێیەکی خۆشەویســتەکەی دەکات، ئەو ئێوارەیەی کە (گ) خۆی کوشت، دەزگیرانی خۆشەویستەکەی کیلۆیەك پاقلاوەی بۆدەنێرێتە مەقەڕ، چونکە هەردووکیان پێکەوە پێشــمەرگەبوون، (گ) کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە خۆی دەکوژێت، برا و خاڵۆزاکەشــی پێش ئەوەی تەرمەکەی بنێژن، دەچن کچەکە دەکوژن، ئێســتاش هەردووکیان لە بەندیخانەی ناوەندی گیراون».

ئومێد عەلی قوتابی ماســتەر لە بواری جێندەر و ئەدەبیات، لە زانکۆی (بتگەلۆر)ی هیندستان، ســەبارەت بەو کێشانە بەمجۆرە ڕاوسەرنجی خۆی دەخاتەڕوو، ئەم پرسە بارودۆخی ژیانی ژن دابەش دەکات بە ســەر دوو زەمەندا، زەمەنــی پێش مردن و زەمەنی دوای مــردن، ئەگەرچی بارودۆخی دوای مردن درێژکراوەی ســەردەمی ژیانیانــە، چونکە مرۆڤ ئەگەر لە ژیانێکی سەربەســتانە نەژیا، مەحاڵە بەمردنێکی جوان بمرێت، بە کەم تەماشــاکردنی مەرگی ژن لە دوو ڕووەوە ئەکرێت لێك بدرێتەوە، ژنێك کە بە پێی ویستەکانی پیاو ژیاوە و ملکەچی هەموو یاســاکانی بووە، لە گەڵ ژنێکدا کە پێش مردنی هیممەتی کردووە بۆ تێکشکاندنی ئەو کۆت و بەندانەو دواجار بووەتــە قوربانی، نموونەی یەکەمیان هەمان ڕێز لە مردنەکەی ئەگیرێت کە لــە ژیاندا لێی گیراوە، لێــرەدا چەند نمونەیەك وەردەگرین وەك ئەوەی ژن نەبووەتە کەســایەتییەکی کاریگەری کۆمەڵگــە، یان کەســایەتییەکی ئایینی، یان نووســەرێکی بەناوبانگ، ئەڵبەتە کۆمەڵگە رێگەی پێنەداوە ببێت، ئەوانەشی بوون، نموونەیان زۆر کەمە و میراتگری پیاوەکانیان بوون، بۆیە پاش مەرگیشــیان بە ماوەیەکی کــەم لە بیر دەچنەوە و گۆڕە پیــرۆزەکان و ناوە نەمرەکان زۆربەیان هەر هی پیاون، نموونەی دووەمیان ژنێك کە لە پێناوی تێکشکاندنی کۆت و بەندەکاندا، یــان بۆ ئەڤین، یان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مێردەکەی، یان باوکیدا دەبێتــە قوربانی، ئەمەیان لە چــاوی ئازادیخوازان و ئەڤیندارانداوەك شــەهید تەماشا دەکرێت، بەڵام کۆمەڵگە زۆر جار بە نەنگی دەزانێت، ئەگەر پرسەشــیان بۆ بگێڕێت، ژنێك کە بــۆ ئەوینەکەی دەبێتە قوربانــی خانەوادەکەی ئامادە نین تەنانــەت خۆیان بە خاوەنی تەرمەکەشــی بکەن، بەڵام ئەگەر پیاوێك بۆ هەمان مەبەست ببێتە قوربانی لەوانەیە خانەوادەکەی بۆ تۆڵەکردنەوەی جەنگیشــی لە پێناودا هەڵبگیرســێنن. ئەم نادادپەروەرییــە لە کۆمەڵگــە نێرســالارییەکاندا باوەو برەوی پێدەدرێت، بۆ ئەوەی وەك هەڕەشــەیەك بــۆ نەوەی داهاتوو بە کاری بێننەوەو پێیان بڵێن: ئەوەی بە ویستی پیاو هەڵسوکەوت نەکات، نەك هەر بە ژیانێکی خۆش، ناژی بەڵکو بە مردنێکی بێزراویش دەمرێت، ئەم دیاردەیەش لەگەڵ کەلتووری کوردیدا یەکناگرێتەوەو شــتێکی هاوردەیەو لە ژێر کاریگەری خێڵە عەرەبی و ڕەوتە ئیســلامییەکاندایە، ئێمە داستانی مەم و زینمان هەیە، زین قوربانی ئەوینە و مردنەکەشــی هێندە شــەرەفمەندانەیە تا ئێستاشــی لە گەڵدا بێت بۆ زیارەت دەچینە سەر گۆڕەکەی.

## ڕێکارەکانی چارەسەر چین؟

ئومێد عەلی چارەســەری ئەم پرسە بــە دوو ڕێگە دەستنیشــان دەکات، «ڕێگــەی یەکــەم: دیاریکردنــی مافەکانــی ژن لە دەســتووردا، بێ گوێــدان بــە پرەنســیپە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، دواجار چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە وەك خۆی لەگەڵ پشــتیوانییەکی بە هێزی حکومەت بۆ پرســەکانی ژن و بابەتــە جێندەرییــەکان، دووەمیــان: هۆشــیارکردنەوەی تاکەکان و هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئامــۆژگاری تایبــەت بەو پرســانە لە کەناڵەکانــی راگەیانــدن و لــە ڕێگەی ئافرەتانی چالاك و بوێرەوە، بەم شــێوەیە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و حکومەتێکی جددی بەرامبەر بە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی دەبێتە کلیلی چارەسەر».

**«ئێمە داستانی مەم و زینمان هەیە، زین قوربانی ئەوینە و مردنەکەشی هێندە شەرافمەتمەندانەیە تائێستاشی لە گەڵدا بێت بۆ زیارەت دەچینە سەر گۆڕەکەی»**

**« کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و حکومەتێکی جددی بەرامبەر بە نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی دەبێتە کلیلی چارەسەر»**

